ISSN 1992-1179=Magallat gami'at kirkuk.Al-dirasat al-insaniyyat

# مجلة جامعة كركوك

## الدراسات الإنسانية

### مجلة علمية محكمة
### تصدر عن جامعة كركوك
### كركوك / العراق

المجلد ١٢ العدد ٢ السنة ٢٠١٧

العنوان البريدي
العراق / كركوك / جامعة كركوك
صندوق البريد : ٢٢٨١ و الرمز البريدي : ٥٢٠٠١
E. mail : journal_kirkukuniversity@yahoo.com

ISSN 1992-1179=Magallat gami'at kirkuk.Al-dirasat al-insaniyyat

# گۆڤاری زانکۆی کەرکوك
# بۆ توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان

**گۆڤارێکی زانستی تۆکمەیە**
**لە لایەن زانکۆی کەرکوکەوە دەردەچێت**
**کەرکوك / عێراق**

**بەرگی 12 ژمارە 2 ساڵی 2017**

**ناونیشانی پۆستەیی**
**عێراق / کەرکوك / زانکۆی کەرکوك**
**سندوقی پۆستە : ٢٢٨١ هێمای پۆستەیی : ٥٢٠٠١**
**E. mail : journal_kirkukuniversity@yahoo.com**

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية / المجلد :١٢/ العدد: ١- ٢٠١٧

# هيئة تحرير المجلة


| | |
|---|---|
| أ.د. كريم نجم خضر | رئيس التحرير |
| أ.م.د. صباح موسى علي | مدير التحرير |
| أ.م.د. زين العابدين علي صفر | عضواً |
| أ.م.د. هادي صالح رمضان | عضواً |
| أ.م.د. علي خليل علي | عضواً |
| أ.م.د. عبد الرحمن محمد محمود | عضواً |
| د. وسام احمد عبد الله | عضواً |
| أ. م فلاح صلاح الدين مصطفى | عضواً |

التنسيق الفني والطباعة

دانا تحسين عبد الرحمن

# الهيئة الاستشارية


| | |
|---|---|
| أ.د خليل علي مراد | جامعة صلاح الدين – كلية الآداب |
| أ.د فائق مصطفى | جامعة السليمانية – كلية اللغات |
| أ.د فليح كريم الركابي | جامعة بغداد – كلية الاداب |
| أ.د توفيق ابراهيم صالح | جامعة كركوك – كلية التربية |
| أ.د حسين عودة | جامعة الكوفة – كلية القانون |
| أ.د عبد الفتاح علي يحيى البوتاني | جامعة دهوك- مركز الدراسات والوثائق الكوردية |


رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ببغداد ١٣٠٩ لسنة ٢٠٠٩

# تعليمات النشر

- تهدف المجلة إلى نشر البحوث العلمية الرصينة ذات المستوى المتميز والتي لم يسبق نشرها في مختلف حقول المعرفة.

- يقدم الباحث ثلاث نسخ من بحثه على ورق A4 إضافة إلى قرص (CD) .
- يجب ان لا يزيد عدد صفحات البحث عن (٢٥) عشرين صفحة وإذا زادت تستقطع من الباحث مبلغ قدره ألف دينار عن كل صفحة

- يتوسط عنوان البحث الصفحة الأولى . ويكون اسم الباحث على الجهة اليسرى العليا من الصفحة الأولى للبحث . و إذا كان البحث لشخصين يكتب الاسم الثاني على الجهة اليمنى العليا مع كتابة اللقب العلمي و الجامعة والكلية .

- يتوجب تقديم خلاصة باللغة العربية والإنكليزية لكل بحث و بحدود (١٥٠_٢٠٠) كلمة يوضح فيها الهدف من البحث والنتائج و التوصيات .

- يكون طبع الصور والمخططات و الجداول بأوراق منفصلة وتعطى أرقام منفصلة يشار إليها ويحدد موقعها في متن البحث .

* المنهجية العلمية المتبعة

أ – التقيم : يرسل الى مقيمين اثنين احدهما داخل الجامعة والآخر خارج الجامعة وبسرية تامة وضمن الاختصاص .

ب – النشر : تنشر البحوث حسب الاقدمية وبما يوازن بين الاختصاصات .

*التخصصات العلمية ، ان المجلة باسم مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية لذلك تنشر فقط البحوث الانسانية .

- اللغة المعتمدة : اللغة العربية هي اللغة المعتمدة في المجلة واللغات الاخرى مثل الانكليزية والكوردية والتركية وحسب الاختصاص .
- تكتب المصادر والهوامش في نهاية البحث وحسب ترتيب الحروف الالفبائية العربية

- الحقوق القانونية والعلمية للباحثين

١- ينشر البحث باسم الباحث ويزود بمستل من البحث .

٢- للباحث الحق في تقديم بحوثه للترقية العلمية او الاشارة اليها في بحوث اخرى

- المدة الزمنية بين تقديم البحث وقبول البحث للنشر

١- ثلاثة اشهر اذا كانت نتيجة التقييم للمقيمين ايجابية او سلبية كلاهما .

٢- في حالة تأخر الاجابة تمدد شهر واحد للتأكيد .

٣- في حالة رفض اعتذار احد المقييمن تمدد المدة الى ستة اشهر .

- اجور النشر

١- حامل لقب استاذ (١٠٠,٠٠٠) مائة الف دينار

٢- حامل لقب استاذ مساعد (٧٥,٠٠٠) خمسة وسبعون الف دينار

٣- حامل لقب المدرس فما دون (٦٠,٠٠٠) ستون الف دينار

# المحتويات



| ت | عنوان البحث | الصفحة |
|---|---|---|
| ١ | نيشانه واتايي و پراگماتييەكان له زمانی کوردیدا<br>پ.ی.د. سەباح موسا عەل<br>مامۆستای واتاسازی بەشی کوردی<br>کولیژی پەروەردەی زانکۆی کەرکوك | ١_١٥ |
| ٢ | اتحاف الخُلَفَاء في مناقب أول الخلفاء<br>تأليف عبدالله بن ابراهيم بن حسن المعروف بالمحجوب المكي الميرغني (ت١٢٠٧هـ)<br>دراسة وتحقيق<br>د. كامران سعدالله عبدالله<br>جامعه گرميان / كليه التربيه | ١٥_٧٥ |
| ٣ | واقع التنمية السياحية في اقليم كوردستان ونتائجها الاقتصادية<br>م. سنور أحمد رسول م. نياز عبد العزيز خطاب<br>جامعة صلاح الدين – كلية الآداب | ٧٦_١١١ |
| ٤ | باب فتح نون المثنى<br>في : فتح المولى في شرح شواهد الشريف بن يعلى<br>لعبد الكريم بن مُحمَّد الفَكُون ( ت ١٠٧٣هـ )<br>دراسة و تحقيق<br>م.م. ميسون عُمر حسن الدليميّ<br>مديرية تربية كركوك | ١١٢_ ١٥٢ |

| الصفحة | عنوان البحث | ت |
|---|---|---|
| ١٩١_١٥٣ | الفاظ خلق الحيوان من ذوات الخُـف والحافر في كتب الفرق<br>- دراسة دلالية -<br>م. الدكتور صلاح الدين سليم محمد<br>جامعة الموصل / كلية العلوم السياسية | ٥ |
| ٢١٧_١٩٢ | سيستەمی برايل لە زمانی کوردیدا<br>م.ى. هاوكار عمر خدر م.ى. ساكار كمال واحد<br>زانكۆی سۆران زانكۆی سەلاحەددین | ٦ |
| ٢٦٩_٢١٨ | حماية حقوق الانسان في ضوء حديث حجة الوداع<br>والمادة الثالثة من الاعلان العالمي لحقوق الانسان<br>أ.د.جواد فقي علي أ.م.د.ناهدة عبد الغني محمد<br>جامعة كوية / كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية / قسم القانون | ٧ |
| ٣٠٠_٢٧٠ | رياليزم لە رۆمانی (هەلكشان بەرەو لوتكە)دا<br>م.د.كەيفی ئەحمەد<br>زانكۆی كۆيە / فەكەلتی پەروەردە | ٨ |
| ٣٢٩_٣٠١ | المَظِنَة<br>ودورها في تشريع الاحكام<br>العلاقات نموذجاً<br>الدكتور صباح ستار سعيد<br>جامعة السليمانية | ٩ |
| ٣٥٧_٣٣٠ | ئاسايشی هزری لە روانگەی ئیسلامەوە<br>د. ناصح كريم عبدالله<br>زانكۆی هەلەبجە / كۆلێجی پەروەردەو زانستە مرۆڤايەتيەكان | ١٠ |

# نیشانە واتایی و پراگماتییەکان لە زمانی کوردیدا

پ.ی.د. سەباح موسا عەل
مامۆستای واتاسازی بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کەرکوک

تاریخ استلام البحث : ٢٣ / ١١ / ٢٠١٦     تاریخ نشر البحث : ٢٦ / ١ / ٢٠١٧

## ١-١ : پێشەکی:

نیشانە واتایی و پراگماتیکییەکان زانستێکی سەردەمییانەیە و لە گەل ئەوەشدا لە گەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی بووە ، بەڵام وەك زانست باسی نەکراوە مرۆڤ پێش ئەوەی دست بە ئاخاوتن و گفتوگۆ بکات و زمانی گۆبکات ، پەنای بردۆتە بەر نیشانەو ئاماژە ، وەك هێمایەك بۆ ئاخاوتن و لە یەك گەیشتن لە گەڵ هاوڕێی و کەس و کاری ... بناخەو کۆڵەگەی ژیانی رۆژانە بووە . بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سادەو ساکار.. پاش سەرهەڵدان و پەیدابوونی زمانی مرۆڤایەتی .. نیشانەو هێما و ئاماژەکان رۆڵیان کەمتر بوونەتەوەو بەکارهێنانیان وەك جاران نەماو ، هەرچەندە سوودو بایەخ و کەڵکی زۆری هەبووە و بە ئەمڕۆشەوە.

نیشانەو واتا پراگماتیکییەکان .. ئەو زانستەیە کە تایبەتە بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە سەرجەم ئەو هەموو جۆرە نیشانەو هێمایانەی کە دیراسەت و توێژینەوە لە چالاکی و دیاردەو هەڵس و کەوتی ژیانی رۆژانە دەکەن و لەوانەش نیشانە زمانەوانییەکان .

مەبەست لەم باسەش کە کلیلە بۆ چوونە ناو باسی زانستی نیشانە واتایی و پراگماتیکییەکان لە زماندا و بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا .. تیشك خستنە سەر رۆڵی لە ئاسان کردن و سووك کردنی کردەی لە یەك گەیشتنی نێو ئەندامانی کۆمەڵ و ئەنجا برەو دان بە زمان و لقەکانی و دست نیشان کردنی واتای نیشانەکان و جیاوازی نێو کۆمەڵگا و ناوچەو شوێن و بارودۆخ و ژینگە ، کە هەموو کار دەکەنە سەر بابەتی نیشانەکان و جیاوازی لە یەك گەیشتن و بەراورد لە نێوان حاڵی بوون و درك پێکردن .

جێی وتنە ئەم باسە بەشێکی زۆری نیشانە نا فۆنەتیکی و نا دەنگی دەگرێتەوە، هەرچەندە زۆر جار لە بری نیشانە هێما و ئاماژەش بەکار دەهێنرێت . واتا تەنیا باس لەو نیشانە و هێمایانە دەکرێت کە تەنیا بە ئاماژە و هەڵسو کەوت و جولاندنەوەی بەشێك لە ئەندامانی جەستە بە شێوەیەك کە بەرانبەر یەکسەر لێی تێدەگات و حاڵی دەبێت .

**١-٢ : سنووری باسەکە :**

سنووری ئەم باسە تەنیا نیشانە زمانەوانییە نا دەنگییەکان دەگرێتەو لە زمانی کوردیدا و جارو بار پە یوەست دەکرێت بە درک پێکردن لە زمانانی تر و بە تایبەتی نیشانە واتایی و پراگماتیکییەکان .. زمانی کوردیش بە هۆی سروشت و ژینگەی فراوان و جیاواز و گەورەیی و بە هۆی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و رۆژگارو سەردەمەوە زمانەکەی بەم جۆرە نیشانانەوە زۆر دەوڵەمەندە.

**١-٣ : ناونیشانی باسەکە :**

ناونیشانی باسەکە بریتییە لە ( نیشانە واتایی و پراگماتیکییەکان لە زمانی کوردیدا ) کە باسێکی شیکاری وسفییە و جێی گفتوگۆ و وتووێژە . هەرچەندە زۆر لە زمانەوانە کوردەکان (ئاماژە) یان (هیما )semioties یان هێمانۆژی کە دوو لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە کە ئەویش سینتاکس و رستەسازی و بەشی دووەمی سیمانتیک و پراگماتیک دەگرێتەوە بەکار دەهێنن بەڵام پێم باشترە زاراوەی ( نیشانە ) بەکار بهێنرێت کە لە هەمووی گونجاوتر و لەبارترە.

**١-٤: چوارچێوەی باسەکە :**

باسەکە لە پێشەکییەکی کورت و سێ بەش پێکهاتووە و ئەنجام و کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و بەشی یەکەم تایبەتە بە مێژووی نیشانەکان و دووەم تیشک دەخاتە سەر نیشانە واتایی و بەشی سێیەم بریتییە لە نیشانە پراگماتیکییەکان .

**١-٥ : کەرستەو رێبازی باسەکە :**

لەم باسەدا زاری کرمانجی خواروو ی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و شێوە زاری سلێمانی و گەرمیان رەچاو کراوەو کەرستەی باسکردنەکە بریتییە لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی کۆمەڵانی خەڵك ، نەك زمانی نووسین ، رێبازەکەش وسفییە ، هەندێك جار پەنا براوەتە بەر رێبازی پراکتیکی و وەك دواندن و ئاخاوتنی خەڵکی ئاسایی .

**١-٦ : گریمانەی لێکۆڵینەوە :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دراوە زۆر لایەنی بابەتی نیشانە واتایی و پراگماتیکی بخرێتە روو ،ە لە ئاخاوتن و دیالۆك رەچاو دەکرێت کەچی ئاماژە یان باسی نەکراوە و تیشك نەخراوەتە سەر بوارو لایەنەکانی ، کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت . بۆیە بە باشمان زانی ئاورێك لەم بابەتە گرینگە بدرێتەوە و روون بکرێتەوە.

## بەشی یەکەم

**٢-١ : پێشدەستێکی مێژوویی :**

زانستی نیشانە لە وشەی یۆنانی ( semoitics ) پێکهاتووە ، کە دوو پارچەیە (<sema semeion ) کە بەشێکە لە زانستی نیشانە زمانەوانییەکان کە هەموویان دەچنە خانەی زانستی زمانەوە.

نیشانە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەڵێن ( علامە ) زانستیکی زۆر کۆنە و لە زمانی عەرەبی و زمانە ئەوروپییەکان زۆر لە مێژە ناوری لێ دراوەتەوە و دراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە . نیشانە ئەو زانستەیە کە بایەخ و گرنگی بە لێکۆڵینەوە پۆلینکردنی هەموو جۆرە نیشانە و ئاماژەی دەموچاو هەڵسوکەوتی جەستەی مرۆڤ و نیشانە و دیاردە سروشتییەکان ، ئەمانەش هەمووی دەچنە ناو رووباری واتاسازیدا

( perece ) فەیلەسووفی ئەمریکی دەڵێت :(( بۆمان ناکرێت گشت دیاردەو چالاکی و هەڵس و کەوتی ئەم گەردوونە تێبگەین وەك بیرکاری و رەوشت و داب و نەریت و ئەستێرەناسی و کیمیا و ئاخاوتن ئەگەر نەخرێتە خانەی سیستمی سیمیۆلۆژی ( نیشانە کاری ) یان زانستی نیشانەکان ))(١).

( پێریس ) لە باسەکەیدا سێ جۆر نیشانەی دەست نیشان کردووە ( نیشانەی ئیکۆنیکی و نیشانەی ئاماژەیی و سیمبۆل ( الرمز ) ، کە بە بناغەو کۆڵەکەی ئاخاوتنی دادەنێت.

مەبەست لە نیشانەی ئیکۆنیك( Iconic sig n ) ئەو نیشانانەن کە ئاماژە پێکراو لە رێگای ئاخاوتن و دیالۆگەوە پیشان دەدرێت وەك وێنەی شتومەك ، وێنەی بەیانی و داتاکان ، نەخشە و ماپەکان، خەریتە، نموونەو مینی و مۆکێتەکان.

نیشانە ئاماژەییەکان ئەو نیشانانەن کە هێما بۆ ئاماژە پێکراوەکە دەکات وەك پەیوەندییەکی تونتوتۆڵ و پەیوەست بە وێنە ( دووکەڵ : نیشانەی بوونی ئاگر ، شوێن پێی ئاژەڵ: ئاماژە بۆبوونی گیانلەبەر لەو شوێنە ، شوێن پەنجەی تاوانبار : ئاماژەیە بە هەڵسانی کەسێك بە ئەنجام دانی تاوانێك لەو شوێن جێگایە ، زیبکە و سووریژە: ئاماژەیە بۆ جۆرە نەخۆشییەك و .. تا دوایی.

سێیەم جۆر کە پێریس باسی لێوە کردووە سیمبۆل یان لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (هێما ـ الرمز ) ئەو نیشانانەیە کە ئاماژە پێکراو یەکسەر لای کۆمەڵانی خەڵك ناسراوە یان رێکەوتوون لە سەر ئەو چەمکە یان لە یەك گەیشتنێکی سەرتاپاگیر لەسەر واتاو چەمکەکەی هەیە ، وەك نیشانەکانی هاتوچۆ ، نیشانەی هەڵە ونیشانەی راست ، نۆتەکانی مۆزیك و ئاواز ، یەکەکان فۆنتەکانی زمان ، چەمکەکان وەك درەخت ، ئەسپ ، پیاو.

## ٢-٢ لێکۆڵینەوە تۆژینەوە ی زاستی

پێرێس یەکێکە لە فەیلەسووفە بەناوبانگەکانی ئەمریکا ، کە باس و لێکۆڵینەوەی لە سەر زانستی نیشانە واتاییەکان کرد و جگە لەم زانایە ، چەندین زمانەوانی دیکە ئاماژەیان بۆ کردووە.

فەرهەنگی زاراوە زمانەوانییەکان ئاماژەیان بۆ زانستی نیشانە کردووە که ژمارەیەك زاراوە بۆ واتای نیشانەکان لە زانستدا بەکار دێت وەك تۆژینەوەی زانستی هەموو نیشانە وزمانەوانییەکان و نا زمانەوانییەکان وەك کەرستەیەکی پەیوەندی و لەیەك گەیشتندا.

سۆسێر دەڵێت (( ئەو زانستەیە کە سەرجەم باس لە نیشانەکان دەکات و بەشێکە لە زانستی زماندا ))(٢).

میشێل برێلی زمانەوان ، کە یەکەم کەسە لە ساڵی ١٨٩٢ باسێکی بە و ناونیشانی بڵاوکردەوەو هەر ئەویش یەکەم کەس بوو زاراوەی واتاسازی بەکار هێنا. لە بەراییەکانی سەدەی نۆزدەهەم زمانەوانێکی بە ناوبانگی سویدی ( ئەدۆلف نۆرین ) (١٨٥٤- ١٩٢٥) باسێکی بە ناونیشانی ( زمانەکەمان ) بڵاوکردەوە و بەشێکی زۆری بۆ تۆژینەوەی واتای نیشانەکان تەرخان کردو زاراوەی واتا بەکارهێنا. لێکۆڵینەوە تویژینەوە لەم بوارەدا بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی هەردوو زمانەوان ( ریچارد و ئۆرگن و ئەلفرید کورسیکی لە ساڵی ١٩٢٢ گومەکەیان شلۆقاند و چەند بابەتێکیان لە بارەی زانستی واتا و واتای نیشانەکان بڵاوکردەوە. مۆریس و کارناپ هەردوو زمانەوانی بواری واتای ئەوروپی پێیان وایە کە زانستی نیشانەکان ئەم خاڵە گرنگ و بایەخانە لە خۆ دەگرێت(٢).

١- دیراسەت و تویژینەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی نیشانەو سومبولەکان وەك ئامێرەکانی پەیوەندی لە زمانێکی دیاریکراودا.

٢- لێکۆڵینەوەی نیشانەکان لە پەیوەندی نێوان خۆیان.

٣- لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان سومبول و ئاماژە پێ کراودا.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە زانستی نیشانەکان بەشێی نەپچراوی زانستی زمانە و بە تایبەتی زانستی واتا.

(( نیشانکارەکان لە سنووری بۆچوونی ئاماژە کاردەکات و دەبێت جیابکرێتەوە لە واتای بیر ، لە ژیانی رۆژانەدا زۆ روشە بەکار دێنین کە ئاماژەیەکی راستەوخۆ دەکات بۆ شوێن و کەس و کات لای هەندێکمان روونەو لای هەندێکیش تەمومژاوییە بۆ نموونە ، کە گوێمان لە دستەواژەی (شاری قەڵاو منارە) یان ( شاری هەڵمەت و قوربانی) دەبێت ئەوا یەکسەر دەزانین ئاماژەیە بۆ چ شارێك ، یچونکە نیشانکراوە لای کۆمەڵانی خەڵك و رێکەوتنی لە سەرە و رۆژانە دووبارە دەبێتەوە ، بەم پێیە ( شاری قەڵا و منارە ) هاوواتا دەبێت لە گەڵ ( هەولێر ) و ( شاری قەڵا و قوربانی ) یش هاواتا دەبێت لە گەڵ شاری سلێمانی. ئەم دوو دستەواژەیە لەوانەیە لای کەسێکی تر نامۆ بێت و نەزانێت ئاماژە بۆ چ شارێك دەکات ، لە بەر ناشنانەبوون یان دووربوونی لە کۆمەڵگا ، بەڵام لە راستیدا ئەمە ئاماژە نین ، بەڵکو واتای بیرن ، چونکە فۆرمێکی تەمومژاوییە تەنها لە دەوروبەر دەدۆزرێتەوە ، بۆ نموونە وشەی (نێرە) تا نەگەرێتەوە بۆ دەوروبەر نازانرێت شوێنەکە ماڵە یان قوتابخانە یان سەیرانگا ))(٤).

## بەشی دووەم

**٢-١: نیشانە واتاییەکان :**

**نیشانە واتاییەکان: ئەو زانستە زمانەوانییە کە تایبەتە بە لیکۆڵینەوە و تویژینەوە لە هەموو جۆرە نیشانە و هێماکان و لەوانەش زمانەوانی و نا زمانەوانییەکان.**

**( پێرس ) ی زمانەوان نیشانە زمانەوانییە نا فۆنەتیکییەکان دابەش دەکاتە سەر سێ جۆر :**

**یەکەم : نیشانە ئیکۆنیکییەکان**

**دووەم: نیشانە ئاماژەییەکان**

**سێیەم: نیشانە سومبولییەکان**

**یەکەم : نیشانە ئیکۆنیکییەکان بەشێکە لە زانستی زمان کە ئاماژەو ئاماژە پێکراو لە ڕێگای دیالۆگ و چەلەحانی و گفتوگۆ دەردەکەوێت وەکوو : وینەی شێوەکاری ، داتا و نەخشەکان ، مۆکێت و ماپەکان .**

**دووەم: نیشانە ئاماژەییەکان: ئەو نیشانانەن کە ئاماژە بۆ ناولێنراو دەکات بۆ پەیەوەندییەکی هاوتەریبی وەك ، دووکەڵ وەك بوونی ئاگر ، شوێن پێی کەرویشك وەك بوونی ئەو جۆرە ئاژەڵە ، شوێن پەنجەی تاوانبار وەك نیشانەیەك لەسەر تێوەگلاوی تاوانبار بە تاوانەکەی ، زیپکەو سوریژە وەك نیشانەی جۆرە نەخۆشییەك.**

**سێیەم : سومبول لە نیشانەکان سوودمەندە بۆ ناولێنراو وەك زاراوەیەکی باوی نێوان کۆمەڵێك خەڵك ,' : نیشانەکانی هاتوچو ، نیشانە هەڵە و ڕاست ، نۆتەکانی مۆزیك ، یەکەکانی زمان ( درەخت ، ئەسپ، دەنگی زەنگ و هەورو گڤەی با ).**

**٢-٢- جۆری نیشانەکان:**

**نیشانەکان زۆرو جۆراو جۆرن لە رووی شێوە و ڕەنگ و مەبەست و سیفەت و ڕواڵەت و دەتوانین بەم جۆرەی خوارەوە پۆلێنیان بکەین.**

**٢-٢-١ توانایداری : مەبەست لە نیشانە توانادارییەکان ( الإرادیە ) ئەو نیشانانەن کە لە لایەن مرۆڤەوە و بە ئەنقەست و بە توانای خۆی دەردەچێت و ئەمەش دوو بەشە :**

أ- روون و راستەوخۆ : مەبەست گەیاندنی زانیاری و زانستە وەکوو ( پەیوەندی نیشانەکانی هاتوچۆ ، نیشانەکانی پلەی سەربازی ، زەنگی ئاگر و کارەسات و زەمین لەرزە ، هۆڕنی ئۆتۆمبیل ، شاوری پاسەوان و ئاوبژێوانانی وەرزش ،

ب- نیشانەکان و پێوەری فشاری خوێن و شەکرە و پلەی گەرما و تیژی لێخوڕین ، لە زمانشدا نیشانەکانی زانست و ئامۆژگاری و ڕێنمایی ، هەواڵ و بڕوانامەو و ڕێزلێنان ).

ت- پەیوەندی ستاتیکی( جوانکاری ، جمالیە ) : بۆ گواستنەوەی بیرو باوەڕەکان بە ڕواڵەتی ستاتیکی وەك ( وێنەی هونەری ، پەیکەرەکان ، پارچە ئاواز و مۆزیك ، ) لە بواری زماندا ( شیعر و هونراوە ، چیرۆك و ڕۆمان ، شانۆگەری و خۆشنووسی ).

٢-٢-٢ : نیشانە ناتواناداریيەکان ( لا ارادیە ) :

مرۆڤ بە بێ مەبەست دەری دەبڕێت و کەس دەستی تێوەر نادات و وەك ڕەمەك دێتە بەرچاو و جۆری زۆرە:

أ- دەنگی ( فۆنەتیکی ) : وەکوو ( پژمین ، ڕشانەوە، گریان ، پرخەی خەو )

ب- جوولەیی( حرکی ) : سۆڕانەوەی خوێن لە ناو دەمارەکانی جەستە و جوولەی گەدەو دڵ و زۆری تر.

ت- ڕواڵەتی( فۆرمی ) : سوربوونەوەی مرۆڤ لە کاتی تورە بوون ، شەرم ، سپی بوونی قژ بۆ تەمەن و چوونە ناو ساڵەوە ، سووربوونەوەی چاو لە کاتی تورەیی ، بزەی لێو لە کاتی خۆشی و شادی.

بە پێی راو بۆچوونی زمانناسەکان ( نیشانە واتاییەکان ) بە شێوازو جۆری تر دابەش کراوە و لێرەدا دوو بەشی سەرەکی ئەو جۆرانە دەخەینە روو:

یەکەم :

أ- دەنگی وەکوو گڤەی با ، هەورە تریشقە ، هاژەی ئاو و تاڤگە ، جریوەی چۆلەکە ، زیکە زیکی زەردەواڵە.

ب- جوولەیی : جوولانەوەی درەخت و گەڵاکان ، شە پۆلی دەریا ، جوولەی هەور و سێبەر ، سوورانەوەی خۆر وەك ئاماژە بۆ کات و سات .

ت- شێوە : شێوەی مانگ ، بۆ زانینی رۆژەکانی مانگ ، (سەوزایی درەخت و دار) ئاماژەیە بۆ وەرزەکان ، ( رەنگی میوە ) ئاماژەیە بۆ پێگەیاندنی میوە.

پ- بۆن ( رائحە ) : بۆنی گوڵ و درەخت ، بۆنی گیانلەبەر ، بۆنی شتی بەسەرچوو( بۆگەن ).

ج- تام : تامی خواردن و میوە ، شەکر و خوێ و هەنگوین وزۆر شتی تر ( تاڵی ، سوێری ، تفتی ، شیرینی ) .

ح- رەنگ: سوورکردنەوە ی گۆشت ، زەردکردنی لۆبیاو فاسولیا ، برژاندنی گۆشت ، کوڵاندنی نۆك و پاقلا.

خ- هەست : هەست کردنی بەرجەستەکان لە تاریکیدا ،دار ، بەرد ، مرۆڤ....هتد

دووەم : نیشانە دروست کراوەکان : ئەو نیشانانەن کە مرۆڤ دروستی دەکات بێ ئەوەی سروشت رۆڵی هەبێت و ئەمەش دەکرێتە چەند بەشێکەوە :-

أ- دەنگی؛ وەکوو زەنگی کاتژمێر ، زەنگی کڵێسە و شاوری پیاوانی هاتوچۆ.

ب- فۆرمی ( شێوە – شکل ) : رەنگەکانی ترافیك لایت ، ئاماژەکانی پێوەری باو زریان .

ت- تام : تامی خواردن ، شیرینی ، خواردنەوە.

پ- بۆن رائحە :؛ بۆنی گوڵاو ، گاز ، دووکەڵ

ج- بەرکەوتن : وەکوو دەست لێدانی کاغەز و پێنووس و شتومەك.

٣-٢ : نیشانەی زاراوەسازی : بەو نیشانانە دەوترێت کە هیچ گفتوگۆ و دەمەتەقێ و ئاخاوتن لە نێوانیاندا نییە وەکوو نیشانەکانی هاتوچۆ ، نیشانەی قەدەغە وەستان ، نیشانەی راست و هەڵە ، پیتەکانی نووسین ، نیشانەی سەربازی.

ئەمانە سەرجەم نیشانەکان بوون و نیشانەی تر هەن لە رووی جوولەیی پەنجەو چاو و لێو....هتد

٣-٤-١ : نیشانە دەستکردەکان ( دروستکراوەکان ) :

مرۆڤ لە دێرین زەمانەوە پێش سەرهەڵدانی زمان و داهێنان و نووسین ، هەوڵ و تەقەلای زۆری داوە ئامرازێ یان کۆنتاکتێك یان پەیوەندییەك هەر چۆنێك بێت لە گەڵ هاورێ وهاوەڵانی و خێزان و بنەماڵەو دەوروپشتی بۆ لە یەك گەیشتن و حاڵی بوون و پێویستی ژیانی رۆژانە ئەنجام بدات و ئەنجا لە یەکتر بە ئاگابن و هەواڵی دەورپشتی خۆیان بزانن ،

لە ترسی گیانلەبەرە کێوییە درندەکان و لە مەترسی رووداوی لافاو و هەورە تریشقە و زریان و زەمین لەرزە و زۆر دیاردەی دیکەی ژیان . بۆیە ناچار بووە پەنا و هانا بەرێتە بەر

رێگایەکی یان ئامرازی یان هەر شتێك بێت یان نیشانە و هێما بێ بۆ ئاگاداری و سۆراخی لەیەك گەیشتن لە نێوان دەوروبەر وەك زەنگ و ئاگاداری ساکارانە و نیشانەی رێکەوتن بێت لە هەر رووداوێکی نەخوازراو کە ژیانی خۆی و خێزان و هاورێیانی بخاتە مەترسییەوە . بۆ ئەم مەبەستە نیشانە دروست کراوەکان هاتە ئاراوە ، وەك رێگا چارسەرێك بۆ ئەو مەبەستە .

٣-٤-٢: نیشانه و هێمادروستکراوەکان :

نیشانەو و هێما دەستکردەکان که مرۆڤ خۆی به ریکەوتن نەبووبێت یان به ریکەوت بوو بێت داهێناوه وەك ئامرازێکی ساکاری حالی بوون ، ئەو نیشانه و هێمایان زۆرن به پێی ئەندامانی جەستەو لەشی مرۆڤ دابەش کراوه:-

أ- نیشانه پەنجەییەکان : وەك پەنجە درێژ کردن بۆ پێشەوه یان پەنجە لەقاندن ( هەرەشەو گورەشە ) یان دوو پەنجەی ( له فۆلکلۆری کوردەواری پێی دەوترێت زەرنەقوته و دوو شاو مژه ) یان پەنجەی شاهێدمان له گەڵ پەنجەی ناوەڕاست که مەبەست سەرکەوتنه یان خوار کردنەوەی هەردوو پەنجەکە هێمایه بۆ نشوستی و شکستی ، پەنجە درێژکردن بۆ دەستنیشان کردنی شوێن و جێگا .

ب- سەر : وشەی ( سەر ) له زمانی کوردی وەك پێشگر بۆ ڕۆنانی کۆمەڵی وشەی لێکدراو بەکار دێت وەکوو ( سەردار ، سەر لق ، سەر باز ، سەرکۆمار ، سەرلەشکر ، ..... ) ، له هەمان کاتدا ئەندامی سەر بۆ زۆر مەبەستی جیاواز وەك نیشانه و ئاماژه بەکار دێت ، به وینه سەرلەقاندن بەهەر لایەك واتا و مانای تایبەتی خۆی هەیه ( تا ئەمرۆش ئەو جوولەیه بەکاردێت ) وەك سەرلەقاندن بەرەو خوارەوه واتای ڕەزامەندی له سەر بابەتێك ، یان جوولانەوەی سەر بۆ لای ڕاست و چەپ واتای نارەزایی و نیگەتیف دێت .

ت- لێو : لێو بۆ زۆر مەبەست و واتا و هێما بەکار دێت ، زەردەخەنه و لێو پان کردنەوه هێما تایبەتی خۆی هەیه ، یان لێو قرتاندن به مانای سوعبەت و گاڵته دێت ، یان پەنجە دانان له سەر لێو واتای بێ دەنگی و هێمنی و یان جوولەی لێو بۆ تام و چێژتن .

پ- چاو : ئەندامی جەسته ( چاو ) زۆر گرنگه و له ئەدەبی کوردی شاعیران و نووسەران زۆر به جوانی وشەی ( چاو ) لەچاوی خوشەویست شیعر و بەرهەمی

جوان داناوه و چاو وەك ئەندامێك بۆ زۆر بواری جیاجیا بەکارهاتووه ، وەك چاو سوورکردنەوه بۆ تووڕەیی و هەرەشە ، چاو زەق کردن بۆ ترساندن و هەرەشە ، چاو داگرتن و یان چاو تروکاندن واتای گاڵته و شتی خۆش بۆ ئەوەی مەبەسته سەدا سەدا ڕاست نییه و وەك دەڵێن چاو زمانی تایبەتی خۆی هەیه.

ج- سەرجەم جەستەی مرۆڤ : ئەمەش به پێی کەسایەتی و تیرەو هۆز دەگۆڕێت و هەرر جووڵەو چالاکییەك گوزارشتی تایبەتی خۆی هەیه و له میللەتێك بۆ میللەتێك ، له ناوچەیەك بۆ ناوچەیەك ، له تیرەو هۆزبۆ هۆزی تر دەگۆڕێت ، به وینه هەڵپەرکێی کوردی له زەماوەند و شیوەن و شەپۆڕ له ماتەمدا ، هەندێك چالاکی له لای هۆز تیرەکان و کۆمەڵگای تەسك و سنووردار و بچووك.

ح- جوولەی تایبەتی له کاتی مردن و بۆ زۆر بونەی تر .

٤-٢-٢ : نیشانەو ئاماژە دروستکراوە دەنگییەکان :

ئەو نیشانە و ئاماژانەن ، کە مرۆڤ پێش سەرهەڵدانی زمان ، چەند گرتەیەکی دەنگی یان بە چەند دەنگێك یان برگەیەك ویستوویەتی مەبەستی یان ئامانجێك پێك بهێنێت ، وەك لە زمانی کوردیدا دەبینین هەندێ برگە ی ئاواتایی بۆ بانگکردن بەکاردەهێنرێت و لە دێرین زمانەوە بەکاردێت و بە تایبەتی بۆ بانگێشتن بۆ کەسی دوور و نزیك .

(( هەبوونی ئەم فۆرمانە لە زمانی کوردیدا ، یان لە چەند دیالێکتیکدا ، واتای ئەوەیە لە زمانی کوردیدا ، جێناوی ئاماژە ، بە پێی پلەی دوور و دوورتر بەرچاو دەکەون ، وەك چۆن لە زمانەکانی تر بەرچاو دەکەون ، لەوانەی لە زمانی عەرەبی و لە گۆڤەری سلێمانیدا ، فۆرمەکانی ( هۆ ، ئەها ، ها ، ئا ) بەر گوێ دەکەون ، بۆ نموونە ( ئەها ها ئەوە بڵندترین لوتکەی چیای کوردستانە ) (٨) .

لە کوردەواریدا ئەم دەستەواژە و فۆرمانە بەکاردێت بۆ گازکردن و بانگکردن، بە وێنە لە گوندو ئاوایی کانی کوردستان لە بەر نەبوونی ئامرازی پەیوەندی و بۆ لەیەك بە ئاگابوون

و ئاگادارکردنەوە لە نێوان دوو کەس یان دوو وەرزێر و جوتیار پەنایان بردۆتە بەر ئەو فۆرمانە ، وەك بۆ شوێنی نزیك ( هۆو = هۆ + ئەو ) لە ئە نجامی لە یەك دانی هەندێك دەنگ فرتاوە و بووەتە ( هۆ)، (هۆ کاکی جوتیار وەرە بۆ ئێرە ) ، ( هۆوە = هۆ +ئەوە ) بە هەمان رێبازی پێشوو فرتاندن لە دەنگەکان رووی داوە ( هۆهۆو ) بۆ شوێنی دوور بەکاردێت یان بۆ بانگکردنی کەسێکی زۆر دوور ( هۆوانە = هۆ +ئەوانە ) بۆ بانگکردنی کۆمەڵی کەس .

## بەشی سێیەم

### ٤-١-١ : نیشانە پراگماتیکییەکان :

مەبەست لە نیشانە پراگماتیکییەکان ئەو نیشانانەن کە شێوەی دەربڕینی دەنگی لە دۆخی ئاساییەوە دەچێتە خانەو دۆخی دەرەوەی ژێنگە یان دەوروبەر ، بە مەبەستی جیاواز دوور لە تێگەیشتنی دۆخی ئاخێوەر و قسەکەر ، ، ئەم تەوەرەش لە گەڵ تەوەر یان بەشی پێشوو جیاوازە لەوەی نیشانە واتاییەکان واتادارو نا فۆنەتیکی و تێگەیشتن و حاڵی بوونی ئاسایی تێدا بەرچاو دەکەوێت ، لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی واتایان هەیە و رەنگدانەوەی خۆی و مەبەست و ئامانجی خۆی هەیە ، کەچی نیشانە پراگماتیکییەکان زۆربەیان دەنگدارو فۆنەتیکین و دەچنە دەوروبەری لەیەك گەیشتن ، وەك لەم نموونانەی خوارەوە بەرچاو دەکەون :

( ئەو بە یەکەم دەرچوو )

لێرەدا وشەی ( ئەو ) کە لە ڕێزمانی چاولیکەری ( تقلیدی ) جێناوی نیشانەیە و کاری ( دەرچوو ) کارێکی ڕابردووی سادەیە ، بەڵام ڕستەکە بە تێکرایی لێل و تەماوییە ، ئەو کێیە و ناوی چییە و ( بە یەکەم دەرچوو ) لە چی بوارێکدا بە یەکەم دەرچوو ( زانستی ، وەرزش ، پێشبڕکێ ، هونەر ، ... )
با تەماشای ئەم ڕستەیە بکەین :

( ئەوان دوێنێ هاتن )

بە هەمان ڕێچکە نیشانەی( ئەوان ) نازانین مەبەست کێن ، ( دوێنێ ) ئەگەر ئاگاداری بارودۆخ و کاتەکە نەبێت نازانرێت چ ڕۆژێکە و هاتن بۆ کوێ ، سەرتاپای ڕستەکە لێلە و پێویستی بە حاڵی بوون هەیە ، بۆیە دەچێتە خانەی پراگماتیکەوە ، بەڵام ئەگەر ئاگاداری قید بگ و بکگراودنی ڕووداوەکە بین ، ئەوا دەبێتە ڕستەیەکی زۆر ئاسایی .

( ئێرە زۆر ساردە )

( زۆر ساردە ) دەستەواژەیەکی زۆر ئامۆ و تەماوییە ، گوێگر لێی تێناگات بۆچی ئێرە ساردە ، (ئێرە ) نیشانەی شوێنە ئایا ( وەرزەکە زستانە و ساردە ، ئایا سپلت کار دەکات و ژوورەکەی سارد کردووە ، ئایا ئەو کەسە نەخۆشە و سەرمایەتی ) لەم گریمانەوە
دەیەها گریمانەی تر بە مێشکی گوێگر دێت و هەر یەکێکی لەوانەیە ڕاست بێت و لەوانەشە ڕاست نەبێت ، بۆیە ئەمەش دەچێتە خانەی پراگماتیکم ( دەرەوەی سنوور باسەکە ) ، پێویستی بە ڕوونکردنەوە و لێکدان هەیە ، بۆیە پێویستی بە شروڤە وڕوونکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی بەرانبەر لێی بگات.
نیشانە پراگماتیکییەکان بە پێی بۆچوون و ڕای زمانەوانەکان چەند جۆرێکیان هەیە ، ئەمە پوختەکەیەتی(٩) :

٤-٢-١ : جۆرەکانی نیشانە پراگماتیکییەکان( نیشانەکانی دەق ە تێکست ):
نیشانە پراگماتیکییەکان بە پێی واتای پراگماتیکی بریتین لە :

أ- نیشانەکانی ئاماچە
ب- نیشانە کەسییەکان
ت- نیشانەکانی شوێن
پ- نیشانەکانی کات
ج- نیشانە کۆمەڵایەتییەکان

٤-٢-١-١: نیشانە کەسییەکان : مەبەست لە نیشانە کەسییەکان ( جێناوەکان ) ئەو نیشانانانەن بۆ کەسەکان و تاکەکان بەکار دەهێنرێن و بریتین لە :

یەکەم : نیشانەکانی ئاماژە پێ کردن

دووەم: نیشانە کەسییەکان

سێیەم : ناوی تایبەت

چوارەم : ناوی خزم و کەس و کار

پێنجەم : نازناو و ناتۆرە

نیشانەکانی ئاماژە ( هێما ) : مەبەست لەم نیشانانە جێناوە کەسییەکانی سەربەخۆ و لکاو دەگرێتەوە ، بەڵام لە بواری پراگماتیکدا باسێکی ترە ، وەك :

( ئەو هات )

لێرەدا ( ئەو ) جێناوی کەسی سێیەمی تاکە ، لە هەمان کاتدا وەك ئەرك نیشانەیەکی ئاماژەی پراگماتیکە. چونکە نازانین مەبەست لە یەکەی ( ئەو ) کێیە ، ئەگەر ئاگاداری دەوروبەرو ژینگەکە ببین ئەوا روون و ئاشکرایە ، بەڵام بە پێچەوانەوە دەچێتە خانەی ئێلی و تەماوی و پراگماتیکی .

( ئەوان زۆر ئازا بوون )

جێناوی ( ئەوان ) بە هەمان شێوە نیشانەیەکی ئاماژەی پراگماتیکەو خۆی جێناوی کەسی سێیەمی کۆیە و لێرەدا گۆمان لە ئەو کۆمەڵە کەسە دەکرێت کە کێ بن.

ناوی تایبەت : مەبەست لە ناوی تایبەت ناوی کەسی تایبەتە بەڵام لە سنووری دەرەوەی باس و ژینگەوەکوو؛

( ئازاد بوو بە ئەندازیار )

ئەگەر باگ گراوندێکی تەواومان لە سەر ناوی ( ئازاد ) و ناسراو نەبێت ئەوا دەبێتە بابەتێکی ئێل و تەماویی.

چوارەم: نیشانەکانی خزمایەتی : ئەمانەش زۆرن و لە پلەی یەکەمەوە تا پلەی چوارەم و پێنجەم دەگرێتەوە، وەکوو ( باوك ، دایك ، مام ، خاڵ ، برا ، خوشك ، باپیر ، داپیر، ئەنك ، کوڕمزا ، ئامۆزا ، پس مام ، ....... ).

ئەگەر ئاگاداری دەوروبەر و ژینگە نەبێت ، ئەوا سەرجەم دەچنە خانەی نیشانەی پراگماتیکەوە ، بە وێنە :

( خاڵم زۆرە نەخۆشە )

ئەگەر ئاگاداری بارودۆخەکە و ژینگەگە نەبین ، ئەوا ناتوانین بزانین کام ( خاڵ ) مەبەستە و ناو کێیە و بۆچی نەخۆشە و لە کوێیە.

پێنجەم : نازناو و ناتۆرە : مەبەست لە نازناو و ناتۆرە ئەو کەرستەو فۆرمانەن کە بۆ پیاهەڵدان و خۆشەویستی و گازندەو رەخنە و سەرزەنشت بەکار دێت و ئەمانەش زۆرن
هەر فۆرم و کەرستەیەك بۆ بواری خۆی بەکار دێت و مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاردێ ، ئەنجا دەکرێتە دووبەشەوە (١٠)
یەکەمیان ( نازناو ) کە بۆ مەبەستی خۆشەویستی و پیاهەڵدان و رێز و شانازی بەکاردەهێنرێت و نازناویش بە گوێرەی شوێن و ناوچەو رووداو و یادەوەری و جەستە دادەنرێت وەکوو دەوترێت:
( عومەر دەبابە – رووداو ، حەمە چاوشین- ئەندامی جەستە ، بلە خرپن- خۆشەویستی ، قالە گۆج-بۆ سەرزەنشت و گازندە ).

٤-٢-١-٢ : نیشانەکانی شوێن و : ئەو لیکسیم و فۆرم و کەرستانەن ، کە راشکاوانە دەبنە نیشانەو هێما بۆ گەیاندنی چەمکی شوێن بە پێی مەبەستی ئاخێوەر و قسەکەر:

پار ساڵ چووینە عەمرە )

لێرەدا بە پێی ژینگەودەوروبەر بۆ کەسێکی ئەوروپی یان بیگانە مەبەست لە عەمرە ئینئاگات و ئیل و ناموێە

( ئەو چووە دەرەوەی وڵات )

لێرەدا فۆرمی دەرەوە نیشانەی پراگماتیکییە.

٤-٢-١-٣: نیشانەکانی کات : ئەو کەرستەو فۆرمانەن کە راشکاوانە ئاماژە بۆ کات دەکەن ، بەڵام لە چوارچێوەی پراگماتیکدا ، کە بۆ ئەوەی بەرانبەر دەبێتە نیشانەیەکی پراگماتیکی ، وەکوو :

( دوێنێ بۆ قەراخ بەری کەوتن )

لێرەدا وشەی ( دوێنێ ) دەبێتە نیشانەیەك پراگماتیك چونکە ئەگەر ئاگاداری کات و سات نەبین ئەوا نازانین وشەی دوێنێ چی کاتێکە .

٤-٢-٢-١ : نیشانە کۆمەڵایەتییەکان : مەبەست پلەو پایەی قسەکەر چین و ئاست و توێژی کەسی بەرانبەر لە رۆشنبیری و رەگەز و تەمەن و باری خزمایەتی و نزیکی و دووری و یەکسانی لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییە زمانەوانییەکان :

( با دوکتۆر بابەتێك پێشکەش بکات )

لێرەدا فۆرمی ( دوکتۆر ) ئاستی زانستی و رۆشنبیر دەردەخات و بەڵام ئەگەر ئاگاداری کەسایەتی و ناسراوی نەبین ، ئەوا ئاستەنگە بزانین لە چی بوارێکدا پسپۆرەو شارەزایی لە چی بوارێکدا هەیە.
لە کۆندا وتویانە :

( لە گرانییە گەورەکە باوکم چوو بۆ سەفەر بەلووك )

تەماشای ئەم رستەیە دەکرێت و سەرنج دەدەینە ئەوەی کۆمەڵێک فۆرمی کاتی تێدایە و دەچێتە خانەی پراگماتیکەوە و زۆر لە بەشەکانی رستەکە ئێلە وەکوو ( گرانییە گەورەکە ، سەفەر بەلک )، ئەگەر شارەزایی تەواو لە بارەی مێژووی کورد و کوردستان و بەسەر هاتە تاڵ و ناخۆشەکان نەبێت ، مەحاڵە لێی بگەیت ، مەبەست لە گرانییە گەورەکە ، ئەو ساڵانەی دووەم جەنگی جیهانی بوو ، کە ناراستەوخۆ کاریگەری تەواوی لە سەر ئابوری گەلان و کوردستان هەبەە، جۆرە گرانی و قات و قری باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا و گرانییەک هاتە کایەوە ، بێ گومان کە دەڵێت گرانییە گەورەکە واتا گرانی بچووکیش هەیە ، کە دەڵێت چوو بۆ سەفەربەلک ، واتا بۆ بەرەکانی شەر ، کە ئەم دستەواژەیە تورکییە وهاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە و لە کۆندا بەکارهاتووە ، واتا جەنگ و شەڕ . ئەتجا ئەگەر شارەزا نەبێت مەحاڵە گرانی و سەفەر بەلک دەست نیشان بکرێن ، ئەمەش نیشانەی پراگماتیکی کاتە کە زۆر جار دەبێتە تەماوی و ئێل.

## ئەنجـــــــــــام

١- نیشانە واتایی و پراگماتیکی لە دێرین زەمانەوە لە لایەن مرۆڤ بەکارهاتووە ،/ بەڵام وەک زانست بەم دواییە عتۆتە کوری زانستەوە.

٢- نیشانە واتایی و پراگماتیکییەکان وەک پێویست لە لایەن مرۆڤ بەکارهاتووەو هەرچەندە پێشکەوتن و گەشەسەندن شە پولی هاویشتووە ، بەڵام ئەم نیشانە واتاییانە هەر لە ژیانی رۆژانە بەکار دەهێنرێت وەک پێویستییەکی ژیان و کاروباری ئاخاوتن و دیالۆگ.

٣- نیشانەکان دەکرێنە دوو بەشی سەرەکی دەنگی و نا دەنگی و لێرەدا ئاماژە بۆ نیشانە دەنگییەکان کراوە.

٤- نیشانە هەموو کەلەبەرێکی کاروبارو چالاکی ژیانی گرتووتەوە و وەک پێویستییەک بۆ راپەراندنی کاروباری و ئەرکی کۆمەڵایەتی.

٥- زمان نییە نیشانەی بەکار نەهێنابێت و نیشانەکان اە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر لە زمانێک بۆ زمانێکی تر دەگۆرێت.

٦- نیشانە گەشەی کردووە لە گەڵ گەشەسەندنی ژیان و مرۆڤ هەرچەند مرۆ ڤلە پێشکەوتن بێت ، نیشانەش پێشکەوتن بە خووە دەبینێت.

## پەراوێزەکان

١- پراگماتیکی دەق و گوتار ، هەولێر ، ٢٠١٤

٢- علم الدلاله ، د. أحمد مختار أحمد ، الكويت ، ١٩٨٢، ل ١٤

٣-سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥

٤-زانستی پراگماتیك ، د. عبدالواحد مشیر دزەیی ، هەولێر ، ٢٠١٤، ل١٢٥

٥--رەنگدانەوەی واتاسازی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا ، د. صباح موسی علی ، هەولێر،٢٠٠٩ل٦٤٥- واتاسازی ، بێخاڵ عبدالله سعید ، ١٩٨٩،ماستەر نامە ، هەولێر، لر ٤٢

٦- پراگماتیك و واتای نیشانەکان ، د. هۆگر محمود فرج ، نامەی دوکتورا ، سلێمانی ، ل٢٦

٧- الإشارات والدلالات ( العلامات ) ، دلال حسای ، جامعە الملك عبد العزیز ، کلیە الآداب ، قسم اللغە العربیە ، ٢٠١٠، ل ١-٤

٨- پراگماتیك و واتای نیشانەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥

٩- بروانە سەرچاوەی پێشوو، ل٧

١٠- رەنگدانەوەی واتاسازی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٤

١١- علم الدلاله ، د. محمد الخولي ، الاردن ، ٢٠٠٨ ، ل١٦

## سەرچاوەکان


١- د. عبدالواحد مشیر دزەیی ، زانستی پراگماتیك ، هەولێر ، ٢٠١٤

٢- د. محمد علی الخولی ، علم الدلاله ، الأردن ، ٢٠٠٩

٣- د. عبدالواحد مشیر دزەیی ، پراگماتیکی دەق و گوتار ، هەولێر ، ٢٠١٤

٤- بێخاڵ عبدالله سعید ، واتاسازی ، هەولێر ، ١٩٨٩

٥- د. صباح موسی علی ، رەنگدانەوە چەند لایەنێکی واتاسازی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، هەولێر ، ٢٠٠٩

٦- د. احمد مختار عمر ، علم الدلاله ، الكويت ، ١٩٨٢

٧- د. هۆگر محمود فرج ، پراگماتیکم و واتای نیشانەکان ، سلێمانی ، ٢٠٠٢

٨- دلال حسای ، الإشارات والدلالات ( العلامات ) ، کلیە الآداب ، جامعە الملك عبدالعزیز ، ٢٠١٠ ، السعودیە

٩- د. یوسف شریف ، واتاسازی ، هەولێر ، ٢٠٠٨

١٠-د. فتاح مامە ،بوارە واتاییەکان ،ماستەر نامە ، سلێمانی

١١-د. عبدالله بابان ، هایپۆنیم ، نامەی دۆکتورا ، دهۆك

## ملخص البحث

يتضمن هذا البحث دراسة تحليلية لدور الأشارات والرموز الغير الصوتية والتداولية الذى يستعمل في مجال المحادثة والتفاهم بين افراد المجموعة لغرض الوصول الى حقائق ومفاهيم عن الموضوع.

البحث يقسم الى ثلاثة فصول وكل فصل يتناول جانب من جوانب الأشارات والرموز التي يتناوله الفرد

في حياته اليومية وفي مجالات الحياة المتعددة.

يتناول القسم الأول نبذة تأريخية عن علم الأشارات ومصدر الكلمة والعلماء واللغويين الذين ساهموا في اغناء العلم وفي القسم الثاني تم الأشارة الى الأشارات الدلالية التي يستعمل في المحادثة والتخاطب وأنواع تلك الأشارات ومنها الأشارات الأرادية ولا أرادية والموضوعة من قبل الأنسان ثم نعرج في القسم الثالث على الأشارات التدجاولية ( البراغماتيكية) الموجودة في اللغة .

وينهي البحث بقائمة من المصادر والمراجع وملخص لما كتب عن البحث والله الموفق .

ISSN 1992-1179=Magallat gami'at kirkuk.Al-dirasat al-insaniyyat

# Journal of Kirkuk University Humanity Studies

A Scientific Refereed Journal

Published by University of Kirkuk

Kirkuk / Iraq

Volume 12 Number 2 Year 2017

**Post Address**

Iraq - Kirkuk - University of Kirkuk

P.O. Box: 2281, Post code: 52001

E. mail: journal_kirkukuniversity@yahoo.com

Kirkuk University Journal-Humanity Studies, vol.12, No.2/2017

# Editorial Board



| | |
|---|---|
| **Prof. Dr. Karem Najim Kader** | **Editor - in – Chief** |
| **Asst. Prof. Dr. Sabah Musa** | **Secretary Manager** |
| **Asst. Prof. Dr. Zenlabden Ali Sufer** | **Member** |
| **Asst. Prof. Dr. Ali Khalil Ahmad** | **Member** |
| **Asst. Prof. Dr. Abdulrahman Mohammad Mahmud** | **Member** |
| **Asst. Prof. Dr.Hadi Salih Ramadhan** | **Member** |
| **Asst. Prof . Falah Salahadin Mustafa** | **Member** |
| **Dr . Wisam Ahmad Abdulah** | **Member** |

**Technical Coordinator & print**

**Dana Tahseen Abdoulrahman**

# Consultants Committee

**Prof. Dr. Khalil Ali Murad**
**College of Arts, Univ. of Salahddin**

**Prof. Dr. Fa'iq Mustafa**
**College of Languages , Univ. of Suleimaniyah**

**Prof. Dr.. Fileyih Kaream Al-Rikabi**
**College of Arts, Univ. of Baghdad**

**Prof. Dr.. Tawfiq Ibrahim Salih**
**College of Education, Univ. of Kirkuk**

**Prof. Dr. Hussein Audah**
**College of Law, Univ. of Kufah**

**Prof. Dr. Abdul Fattah Ali Yahya Al-Botani**
**Center for Kurdish Studies & DocumentsUniv. of Dohuk**

# Publishing Instruction

- The journal aims to publish substantial scientific papers not previously published in any field of knowledge.
- The researcher should present three copies of the paper typed on A4 besides a ( CD ).
- Number of pages of the paper should not exceed (25) pages; otherwise the researcher has to pay 1 thousand I.D. For any additional page.
- Title of the paper should be on the top centre of the first page. The name of the researcher should be on the top left hand of the first page of the paper. If the is written by two researchers, the second researcher's name should be put on the top right hand. The academic title, name of university and college should be indicated below researchers' names.
- An abstract in Arabic and English should be presented for each paper. It should be within (150- 200) words, showing purpose of the paper, results and recommend actions.
- Printed pictures, diagrams and tables are to be presented in separate pages. They should be given separate page numbers referred to in the body of the paper.

- Issuing in structure Scientific procedure followed:-

A) Evaluation:

The paper is sent to two reviewers. One reviewer is from inside the university while the other is from outside the university. The evaluation is done in strict secrecy and within specialization.

**B) Publication**

The papers are published according to the dates of submission and proportional to different specializations.

- The journal which bears the name of the University of Kirkuk / Humanities Studies publishes papers dealing exclusively with humanities.
- Language of the journal.

  The main language of the journal is Arabic. The journal also publishes in other languages such as English, Kurdish and Turkish.

- References are arranged alphabetically and put together with the notes, at the end of the paper.
- Legal and scientific rights

1- The paper is published under the name of the researcher who receives a copy of it.
2- The researcher has the right to present his/her papers for scientific promotion, or malice references to them in other papers.

- The time span between submission and acceptance of the paper:

1- Three months whether the result is positive or negative.
2- In case of delay, the evaluation is extended for one month.
3- In the case of refusal or apology by a reviewer, the evaluation is extended for six months.

**Publication Fees**

1- 100,000 I.D. For Professors.
2- 75,000 I.D. For Assistant Professors.
3- 60,000 I.D. For Instructors and below.

Kirkuk University Journal-Humanity Studies, vol.12, No.2/2017

# Contents



| NO | Content | Page |
|---|---|---|
| 1 | The Acquisition of Fricatives and Affricates by Mosuli Children between 2 and 5 years<br><br>Umayya I. Younis Zena M. Khidhir<br>Mosul University / College of Education for Humanities | 1 - 22 |
| 2 | Developing Fluency in the Pronunciation of Iraqi Learners of English: Method and Techniques<br><br>Anmar H. Saeed<br>Mosul University / College of Arts | 23-51 |
| 3 | The Effect of Teaching Practice on Student-Teachers' Conception of Lesson Planning<br><br>Sawgil Mohammed Amin Kitabchy<br>Kirkuk University / College of Education for Humanities | 52-71 |